www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:57 14-11-2005

# بەراستی زەوی خرە بۆ هەر کوی بچیت ئەتبینمەوە سەبارەت بە گەشتی سەرۆکەکانمان بۆ دەرەوە ... شوان بیبانی



کاتیك سەرۆکی وولاتیکی بیگانە چ هی جیهانی پیشکەوتوو بیت یان جیهانی سییەم بەرەسمی گەشتێك دەکات ئەوە لە هیچ کاتیکدا لە سی رۆژ تیپەر ناکات و کە پیشوازیش دەکرێت لە ئاستی خۆیاندا پیشوازی دەکرێن واتا یا سەرۆکی ئەو وولاتە یان سەرۆکی وەزیران پیشوازی لی دەکات بەلام سەروکەکانی ئێمە کە دەچنە دەرەوە ئەگەر بە داوەتی رەسمی بیت یان نا رەسمی ئیستاش بە ئسلوبی زەمانی ئۆپۆزسیۆن هەلسوکەوت دەکەن دە تەماشا بکەن هیچ گەشتیکیان لە 15 پانزە رۆژ کەمتر نییە و گرنگیش نییە لە فرۆکە خانە کی پێشوازیان دەکات چونکە ئەوان هەر گەشتەکە بە مەکسەبێك بۆ گەلی خۆیان دەزانن بەر لەوەی بۆ خۆیان و حیزبەکانین بزانن کە لە راستیدا ئەوگەشتانە هیچ لە باری قورسی سەر شانی هاولاتی کەم ناکەنەوە کە ئیستا هاولاتی کورد لە هەمان باری سالی 1991 دایە لە نەبوونی سووتەمەنی و نەوت و کارەبا و زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی تر.

لەم ساتە وەختەی کە زۆرناسکە بۆ کورد کە لە هەلبژاردنی عیراقدا نزیك دەبینەوە هەر یەکە لە سەرۆك مام جەلال و کاك مەسعود و کاك نیچیر بۆ چەند رۆژ دەچیت لە پایتەختەکانی ئەمریکاو ئەوروپادا لە گەشتە سندبادییەکانیاندا بەردەوامن. دوینی شەو بەدیار کەنالە ئاسمانییەکانی خۆمانەوە دانیشتبووم منالەکانم لە دەورم لە سەرما هەلتوتابوون ووتم دەزانن ئیستا کی دەردەچیت کچە گەورەکەم ووتی بەڵی ئیستا لەوانەیە مام جەلال لە نەمساوە سەر هەلبدات ووتم چوزانی ووتی ئاخر کاك مەسعود پاش ئەمریکاو لەندن و بەرلین وا لە نەمسایە مام جەلالیش لە دەرەوەیە لەوانیە بلّی هێرۆ خان ئەڵیی چی هەروا بە سەر پێوە بچین سەرێك لە نەمساش بدەین لەوێش لەگەل برای ئازیزم کاك مەسعود باسی یەکگرتنەوەی ئیدارە بکەین چونکە ئەلین نەمسا وولاتێکی بە پیتە بەڵکە ئەم جارەیان بە سودفە یەکگرتنەوەکە راست دەرچیت. . . . ریك قسەی کچەکەم راست دەرچوو مام جەلال و خانمی یەکەمی عیراق لە نەمساوە سەریان هەلداو لەگەل سەرۆکی هەرێم یەکیان بینی و باسی ئیدارەش کرا بۆیە دەلێم گەورەکانم بەردەوام بن لە گەشتە دوورو درێژەکانتانا چونکە کوردستان هێشتا باشە وا منالەکانیشمان سەر لە سیاسەت دەردەکەن.